گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەروازەیەکی زانستییانە بۆ چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکان

# توێژینەوەیەکی تیۆرییە

**م.ی کارزان قادر حمد**

بەشی کارگێڕی گەشت و گوزار ، کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Karzan.ahmed@lfu.edu.krd

**م. ی. دانا لطیف جلال شوانی**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Dana.jalal@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٣

پەسەندکردن:٢٠٢١/١١/٧

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Environmental society, community literature, environment, environmental issues, society*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.7.2.14

## پوختە

کۆمەڵناسیی ژینگە یەکێکە لە لقە هەرە تازە و گرنگەکانی نێو ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی، لە دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو هاتە نێو زانکۆکان و، وەك لقێکی ئەکادیمی چوارچێوە و میتۆد و شێوازی ئیشکردنی خرایە ڕوو. لە زانکۆکانی کوردستانیش لەم چەند ساڵەی دوایی هاتۆتە نێو پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی و بایەخی پێ دەدرێت. ئەم لقە زانستییە لە پەیوەندییەی نێوان کۆمەڵگە و ژینگە دەکۆڵێتەوە، بێجگە لە تاوتێکردنی لێکەوتە نەرێنییەکانی پیسبوونی ژینگە و باسکردنی گرنگترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە. هەروەها کۆمەڵناسیی ژینگە سەرباری تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە پەیوەندی ژینگە و کۆمەڵگە، کۆمەڵێ چارەسەری ئەکادیمی پشتئەستوور بە میتۆدی زانستییانە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی کێشە و پرسە ژینگەییەکان بدۆزرێنەوە و چارەسەریی پێویستیان بۆ دەستنیشان بکرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیاریی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ئاخۆ کۆمەڵناسیی ژینگە لە کوردستاندا دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان؟ ئاخۆ لە کوردستاندا ڕێگریی کراوە لەوەی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە لە کوردستاندا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ناساندنەوەی لایەنە تیۆرییەکانی پەیوەندی ژینگە و کۆمەڵگە بە گەڕانەوە بۆ میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و شیکردنەوەی لاوەکی بخرێتە ڕوو.

**ووشە سەرەکییەکان**
*کۆمەڵناسیی ژینگە, ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی, ژینگە, پرسە ژینگەییەکان, کۆمەڵگە.*

## 1. پێشەکی:

ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییەی ئەمرۆژانە لە جیهاندا ڕوودەدات بێ هاوشێوەیە، بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە داهاتووی ژینگەییمان نەخەنە بەر مەترسییەوە، پێویستە لە ڕووی ژینگەییەوە هەنگاوی عاقڵمەندانە بهاوێژرێت بەتایبەت لە ڕەفتار و بیرکردنەوەمان. هەڵبەت دۆخی هەنوکەیی زۆربەی وڵاتانی جیهان، دەرخەری گۆڕانێکی لەم چەشنەن لە بەها و شێوەی تێڕوانینی خەڵکەکانیان بەرامبەر ژینگە، چونکە بە هۆی گەشەسەندنی بێ هاوشێوەی جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیا، گۆڕانێکی قووڵ و زۆر لە ژینگەکەیان هاتۆتە کایەوە، کوردستانیش کەم تا زۆر کەوتۆتە ژێر ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییەوە، هەر بۆیە هەوڵێکی ڕێکخراو یان نارێکخراو هاتۆتە کایەوە بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییەی وڵاتەکانیان دەستەوەستان نەمێننەوە و، لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکەوە ژینگەکەیان بپارێزن، کە دواتر بە وردی باس لەو میکانیزمانەی پاراستنی ژینگە دەکەین.

مامەڵە هەمەچەشنەکانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە بەدرێژایی مێژوو پەیوەستە بە جۆری تێگەیشتنیان لەو هەلومەرجەی کە هەیانە. بەم چەشنە لێرەوە ڕەفتار و مامەڵەی مرۆڤەکان لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆیان بەتایبەت ژینگەکەیان بە شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان بەرامبەر ژینگە پەیوەستە، لەم

ڕووەوە تێگەیشتن لەم بیرکردنەوە و هەستانە دەکرێ ببێتە باشترین میکانیزم و ڕێگاچارەی ژینگەیی، بە مانایەکی تر، بۆ ئەوەی بتوانین ژینگە بە پاکی ڕابگرین، دەبێ لەو دوالیزمەی نێوان ژینگە و کۆمەڵگە تێبگەین، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە وردی پەیوەندییەکانی ژینگە و کۆمەڵگە بخەینە ڕوو، سەڕەرای باسکردنی ئەو گرنگییەی کە کۆمەڵناسیی ژینگە لە کوردستاندا هەیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان ئەویش وەك دیسپلین و بوارێکی ئەکادیمی درەنگوەخت و تازە.

## 2. پێشینەیەکی تیۆریی لەبارەی چەمك و ئەدگارەکانی ژینگە:

### 2.1 تێگەیشتنی کۆمەڵناسانە بۆ پەیوەندی ژینگە و مرۆڤ:

گومانی تیا نییە هەموو ئەوەی دەکەونە بەر تیشکی خۆر، دەکرێ وەك پرسێکی پەیوەست بە ژینگە باسییان لێوەبکرێت، هەم وەك کەیسێکی تەنیا هەم وەك کەیسێکی گشتیی. کێشە و پرسە ژینگەییەکان لە گەرمبوونی گەردوون و تێکچوونی کەشوهەواوە دەگرێتەوە تا دەگاتە مافەکانی ئاژەڵ و بەهاکانی سروشت، چونکە هەموو ئەوانە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و بەردەوام بیر لەو پەیوەندییەکەیان دەکرێتەوە لەگەڵ ژینگە، لەبەرئەوەی ژینگە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پرسێکی دوورمەودایە کە ئەویش پرسێکی گرنگە لە کۆمەڵناسییدا(Barry, 1999: 11).

ڕاستییەکی حاشەهەڵنەگرە لە تیۆری کلاسیکی کۆمەڵناسیی، بایەخێکی ئەوتۆ بە پرسی ژینگە نەدراوە و، ئەو بایەخ و سەرەنجەی کە بە ڕەفتار و تێڕوانینە ژینگییەکان دەدرێت، بەم سەردەمەوە پەیوەستە، ئەویش بە هێنانەکایەوەی پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ژینگە و مرۆڤ، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵناسە کلاسییەکەکان هەندێ لەو ڕاستییانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە کوێ و چۆناوچۆن ئەو بایەخدانە بەرابیە بۆ ژینگە دروستبووە، بەڵام سەرەتا هەوڵ ئەدەم، پێشینەیەکی گشتیگتر سەبارەت بە هاتنەکایەوەی کۆمەڵناسیی ژینگە وەك بوارێکی ئەکادیمی و زانستی بخەمە ڕوو.

دەکرێ بڵێین کاریگەرییەکانی ژینگەی جوگرافیی بەسەر هەلومەرجی مرۆیی ڕێك لە سەدەی هەژدە دروستبوو، ئەویش لەلایەن هێنری تۆماس باکڵ، مێژووزانی ئینگلیزی و نووسەری کتێبی مێژووی شارستانیەت بوو. تیۆرە سەرەکییەکەی بریتیی بوو لەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی بەرهەمەی هێز و تەوژمە سروشتییەکانە و لەم ڕووەوە بایەخ بە سروشت درا. باکڵ پێیوابوو کە کاریگەریی ژینگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوگرافی لەسەر مرۆڤە سەرەتاییەکان زۆر ڕاستەوخۆیە، لەبەرئەوە کاریگەرییەکەشی بەهێزبووە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی کولتووری هاوچەرخەوە ئەم کاریگەرییە کەمبۆتەوە. ئەو بایەخی تایبەتیی کۆمەڵناسیی بە بینین و سەردانی سروشت دەبەستەوە. تیۆری جوگرافیی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی باکڵ بەشێوەیەکی بەرفراوان بایەخی پێدرا و لە نێو ڕۆشنبیرانی سەدەی نۆزدە بەتەواوی بووە باو. بۆ نموونە ماوەیەك پێش ئەوەی کۆمەڵناسیی ژینگە لە زانکۆی هارڤارد بخوێندرێت، کۆمەڵناسەکان بە گرنگییەکەوە باسییان لەو کتێبەی باکڵ دەکرد کە سەبارەت بە مێژووی شارستانیەت نووسیبووی(هانیگن، 2015: 6).

وەك دەزانین مرۆڤ تاکە بونەوەرە هۆکاری سەرەکییە بۆ لەناوبردنی بوونی خۆی، لە کاتێکدا جیاواز لە بوونەوەرەکانی تر، مرۆڤ باشتر دەتوانێت لە پاراستنی ژینگە و بوونی خۆییدا زیاتر قووڵ بێتەوە، ئەویش بە گۆڕینی کولتوور و تێگەیشتنەکانی خۆی سەبارەت بە ژینگە و ئەو ناوچەیەی لێی دەژێت.

جۆن بێرسۆن لە کتێبی ***ئاکاری ژینگەپاراستن*** پێیوایە لە زۆربەی لایەنەکان بیرکردنەوە لە ژینگە و تیۆردانان لەبارەییەوە یەکێکە لە کۆنترین و دێرینترین بوونی بیرکردنەوی مرۆڤ. تیۆری کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە کۆمەڵگەی مرۆیی، وەك ئەو پرۆسە گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگە، پێکدێت لە تاقیکردنەوەی و درێژەپێدانی تیۆریی و ئەزموونیی گریمانەکان، ڕوونکردنەوەککان، بەڵگەخوازیی و ڕێنماییەکان(برسون، 2002: 78).

بۆیە دەکرێ بڵێین لە ڕووی تیۆریی کۆمەڵایەتیی سەبارەت بە سروشت و ژینگە، بە ئاراستەیەکی ڕەخنەیی و سەرەکیی، لە دوو ڕەهەندەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش ڕەهەندێکی سروشتگەرایانەیە و ئەویتریشیان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییانەیە، بۆیە هەوڵ دەدەین لە باسکردنی تیۆر و تێڕوانیین و ئاراستەکانی پەیوەست بە ژینگە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە شی بکەینەوە، کە ئەویش گوزارشتە لە پەیوەندی کۆمەڵگە و ژینگە و ڕۆڵی مرۆڤ لە بنیاتنانی ژینگەیەکی تەندروست و کولتوورێکی ژینگەپارێزانە.

لە دوای باکڵ، ئالزۆرت هانتینگتۆن گەورەترین ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵناسیی ژینگەیی، هانتینگتۆن لە بەرهەمە کۆمەڵناسییەکەی خۆی بە ناوی شارستانیەت و کەشوهەوا: تەوژمەکانی پەرەسەندنی مرۆیی و نەژادەکان هەولی دەدا کۆمەڵێ یەکانگیری لە نێوان پەروەردە و کەشوهەوا و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەلامەتی بدۆزێتەوە ئەویش بەگەڕانەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی كە تەواوی شارستانیەتە دێرینەكانی وەك ڕۆمی دێرین بەهۆی گۆڕانی ناوچەیی بەدرێژایی مێژوو دروستبوونە(برسون، 2002: 8).

## 2.2 ئەمیل دۆركایم و ژینگە

لەنێو دەمەزرێنەرانی كۆمەڵناسیی، دۆركایم بەوە ناسراوە كە كەمتر بایەخی بە ژینگە و ئیكۆلۆژیا داوە، بەڵام چەند پەیوەندییەكی لە نێوان ژینگە و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان و كاریگەرییە ژینگەی كۆمەڵایەتیی و جوگرافیی بەسەر مرۆڤەوە باسكردووە.
دۆركایم پێیوایە دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بریتییە لە هەر كارێكی جێگیر یان ناجێگیر كە توانای جێبەجێكردنی سنوردارێتیی دەرەكیی بەسەر تاكەوە هەیە(Thompson, 2002: 117). وەك دەزانین ئەم بەربەست و سنوورانە بەهۆی یاسا، ئاكار، باوەڕ و ڕێورەسمەكانەوە دەردەكەوێت.
وێڕای ئەوەش، دۆركایم زۆربەی كات سوودی لە چەمك و تێگە و ئاراستە بایەلۆژییەكان وەرگرتووە لە ناساندنی تیۆری گۆڕانی كۆمەڵایەتی خۆی. هەروەها ئەم تیۆرەش بەشێوەیەك بنجبڕ و لێبڕاوانە لە مۆدێلی پەرەسەندنی داروینەوە سەرچاوەی گرتبووە كە لە نێو ڕۆشنبیرانی سەدەی نۆزدە برەوی هەبوو. دۆركایم لە دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتی پەرەسەندنی كۆمەڵگە مۆدێرنەكان لەدۆخی یەكانگیری میكانیكییەوە كە تێیدا یەكانگیری كۆمەڵایەتیی بەرهەمی بەها كولتوورییە هاوبەشەكانە، بە جۆرێ بە یەكانگیریی ئۆرگانیك وەسفی دەكرد كە تێیدا پابەندی كۆمەڵایەتیی بریتییە لە هەبوونی ئەركی بەیەكەوەپەیوەستیی دوولایەنە كە بە ڕادەیەكی بەرچاو بەهۆی دابەشكردنی كاری ئاڵۆزەوەیە(گدنز، 2008: 20) .
جۆن هانتیگن یەكێكە لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵناسیی ژینگە و نووسەری كتێبی كۆمەڵناسیی ژینگەیە لە زانكۆی هارڤارد پێیوایە تیۆری دۆركایم تارادەیەكی زۆر هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆتە قەیرانێكی ژینگەیی و ئیكۆلۆژیی ئەویش بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی كۆمەڵگە مرۆییەكان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەپەرەسەندن و گەورەبووندان، بۆیە ئەگەر هەر كەسێ درێژە بە چالاكیەكانی خۆی لە بواری كشتوكاڵی بدات، بە جۆرێك لە جۆرەكان دەبێتە هۆی تێكدانی ژینگە. بەم چەشنە ئەوەی پێویستە بیڵێین بە گوتەی تالكۆت

پارسۆنز دۆرکایم بەشێوەیەکی جیاواز لەبارەی پەیوەندییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیکی نوسیویەتی، چونکە تیۆلای بایەلۆژی تووسی پرۆسەیەکی قووڵی گۆڕان بۆتەوە(هانیگن، 2015: 18).

## 2.3 ماکس ڤێبەر و ژینگە

دووەمین دامەزرێنەری کۆمەڵناسیی کە چەند بابەتێکی پەیوەست بە ئیکۆلۆژیا نووسییوە بریتییە لە ماکس ڤێبەر، بەو چەشنەی چەند کۆمەڵناسێك باسییان لێوە کردووە ئەم پەیوەندییە ژینگەییە چەند ڕەهەندێکی هەیە. بۆ ئەوەی باس لە کۆمەڵناسیی ژینگەی ڤێبەر بکەین دەبێ سوود لە توێژینەوەکانی لەبارەی ئایین و کۆمەڵگە دێرینەکان وەربگرین، چونکە ئەو پێداگری لەسەر نموونەی ئایدیاڵیی ململانێیەکانی پەیوەست بە سەرچاوە سروشتییەکان دەکردەوە وەك کۆنترۆڵکردنی سیستەمی ئاودێری. بۆیە ئەو چەمکە سەرەکییەی پێویستە لێرە باسیی لێوەبکەین، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵناسیی ژینگەی دۆرکایم تێبگەین بریتییە لە ئەقلانیبوونی فەرمی (formal rationalization). ئەقلانیبوون پێکدێت لە چەندین بنەمای دامەزراوەیی جێگیر ئەوانیش مەعریفەی زانستی و هونەر و تەکنەلۆژیای گەشەسەندووە کە لایەنگیرییەکەی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و تێیدا سروشت بەم هۆیە بوونی هەیە کە مرۆڤەکان زاڵن بەسەرییەوە و سوودی لێ وەردەگرن(هانیگن، 2015: 19). بۆیە دەکرێ بڵێین ماکس ڤێبەر بە ناراستەوخۆ باسی لە کاریگەریی گۆڕانە ژینگەییەکان کردووە بەسەر مرۆڤ و هەبوونی دیدێکی عەقلانیانە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی و دەوروبەرییان. هەروەها ڤێبەر پەیوەستییەکی کردبوو لە نێوان سیستەمی ئاودێری و نموونەی باڵای (ideal type) مرۆڤ لە ژیاندا.

## 2.3 مارکس و ژینگە

لە ڕوانگەی جی تۆمە (G Tome) بەربەستە سەرەتاییەکانی هاتنەکایەوەی نێوان کۆمەڵگە و سروشت، هۆکاریی سەرەکیی جودایی کۆمەڵناسیی کلاسیکی مارکس، ڤێبەر و دۆرکایمە لە کاروباری ژینگەیی و سروشتیی. گڵدبلاتیش (D Goldblatt) پێیوایە تیۆرە کلاسیکەکان چەند سنوور و بەربەستێك لەبەردەم ڕوونکردنەوەی پرسەکانی پەیوەست بە ژینگە دەهێننە کایەوە. ئەم بەربەست و سنوورانە لە دوو بنەچەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەم: تیۆری کۆمەڵایەتیی کلاسیك چوارچێوەیەکی چەمکیی و تیۆریی گونجاوی بۆ تێگەیشتن لە مامەڵەی ئاڵۆزیی نێوان کۆمەڵگەکان و ژینگە نییە و، دووەم: لە هەر

شوێنێك كە بايەخ بەو پرس و بابەتانە درابێت، بەو شێوازانەی كە كۆمەڵگە مرۆييەكان ژينگەكەيان گۆڕيوە بێ ئەوەی  بايەخ بە دەرەنجامە نەرێنييەكانی ئەو گۆڕانكارييە بدات. ئەگەر چی زۆر كەسيش دەستپێكردنی بزوتنەوە كۆمەڵايەتييە تازەكان لە دوای شۆڕشی قوتابيانی فەرەنسا لە ساڵی 1968، بزوتنەوە ژينگەييەكانيش دروست بوون، بە قەرزاربارى نەريتى ڕزگاربەخشی ماركسيستييانە دەزانن كە دواتر ديد و بۆچوونی ماركيسش لەم بارەيەوە دەخەينە ڕوو، بە دەربڕينێكی تر، ڕەگ و ڕيشەی ژينگەگەرايی لە كايە و بواری كۆمەڵايەتيی بۆ يەكەمين جار لە لايەن ماركسيستەكانەوە هاتە كايەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش، خودی ماركسيش بايەخ و ئاماژەيەكی ئەوتۆی بە پەيوەندی نێوان ژينگە و مرۆڤ نەدا، تەنيا لە چەند شوێن و پەراگرافەی زۆر كەم نەبێت (سيوەيلی، 2020: 85). هەروەها  ماركس لە كتێبی دەستنووسە ئابووريی و فەلسەفييەكانی 1844دا نوسيويەتی: "سرووشت پەيكەری مرۆڤە و ئەگەر مرۆڤ نەيەوێ بمرێ دەبێ بەردەوام لەگەڵ سرووشتدا لە ئاڵوێردابێ. پێكەوەگرێدراويی ژيانی مادی و مەعنەوی مرۆڤ بە سرووشتەوە، لەو تێگەيشتنەوەيە كە كە سرووشت پەيوەستە بە خودەوە و مرۆڤيش بۆخۆی بەشێكە لە سرووشت" لێرەوە دەگەينە ئەو ئەنجامەی كە شەڕی و هەوڵی ماركس بۆ ئەوەی كاريگەری و دەرهاويشتە خراپەكانی سەرمايەداری لە ڕووی ژينگەييەوە باس بكات، توانيشی لەو ڕووەو كاريگەرييەكی بەرچاوی هەبێت و زۆر بە قووڵی ئەو پەيوەندييەی شی كردۆتەوە (سيوەيلی، 2020: 35).

بەڵام دەكرێ بڵێين بە شێوەيەكی گشتيی، چەندين تيۆری كۆمەڵايەتيی هەمەچەشن لەم ساڵانەی دوايی سەبارەت بە پرسی ژينگە خراونەتە ڕوو و، پێيانوايە كە تێگەيشتن لە ژينگە يەكێكە لە بنەما سەرەكييەكانی توێژينەوەی كۆمەڵناسانە و تەنانەت هەندێكيان پێيانوايە كايەيەكی زانستيی گرنگە كە پەيوەستە بە ژيانی كۆمەڵايەتيی و كولتووری  و ئابووريی هەموو تاكەكانەوە. بۆ نموونە ئەو تيۆرانەی كە ژينگەگەرايی وەك جيهانبينييەك لەبەرچاودەگرن: لەوانەيە بەرچاوترين نموونەش لەم بوارەدا دەروونناسيی كۆمەڵايەتيی بێت وەك پاراداًيمێكی تازەی ژينگەيی يان ئيكۆلۆژی كە پێيوايە ڕەفتارەكانی مرۆڤ و ژينگە پەيوەندييەكی توندوتۆڵييان بە يەكەوە هەيە. ئەم پەيوەندييەش بە گوێرەی  تێگەيشتنی مرۆڤ بۆ ژينگە و پەيوەندييەكانی ژيانی مرۆيی لەبەرچاو گيراوە. بەمانايەكی تر لای  پسپۆرانی دەروونناسانی كۆمەڵايەتيی پەيوەندييەكی بەهێز لە نێوان ژينگەی سروشتيی يا

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیی و دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، هەر کاتێك ئەو پەیوەندییە کێشەی تێ بکەوێت، کاریگەریی و کاردانەوەکانی هەمەلایەن و دوولایەنە دەبێت، واتە هەر کات ژینگە تووشی مەترسیی بوو، ئەوا دەروونی مرۆڤیش تووشی کێشە و کەموکوڕی دەبێتەوە و بە پێچەوانەوەش.

کۆمەڵناسیی ئەمریکی، ڕۆناڵد ئینگڵهارت، تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە ژینگە و ژینگەدۆستی وەك بەهایەکی پۆست مۆدێرن هاوشێوەی کواڵیتی ژیان، کە دەربڕینێکی خوودییە لە ئەنجامی سامان و ئاسایشیی ڕوولەزیاد لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، چونکە دڵەراوکێ و ڕەفتاری ژینگەیی پەیوەندییەکی بەهێزی بە تیۆری گشتیی بەهاکانەوە هەیە و پێیانوایە کە بەها ئەویترخوازانە لە نێو ئەو کەسانەی کە لە چالاکییە ژینگەدۆستییەکاندا بەشداری دەکەن زۆرترە(اینگلهارت، 2008: 129). هەروەها ئاراستەی ژینگەگەرایانە بۆ یەکەمین جار لە لایەن هێربەلین (Hbrlyn) خرایەڕوو، ئەم ڕەوتە هەڵگری ئەو پێشگریمانەیە کە لەبەرئەوەی کواڵیتی ژینگەیی باشییەکی گشتییە. بۆ بەشداری خەڵك تێیدا هەبوونی پاڵنەری مرۆڤدۆستانە شتێکی پێویستە، بە مانایەکی تر لەبەرئەوەی پاراستنی ژینگە کارێکە لە بەرژەوەندی گشتییدا بۆیە پێویستە هەمووان بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان بەشداریی تێدا بکەن.

هەروەها ئۆلریش بێك لە کتێبێکی بە ناوی *کۆمەڵگەی ریسك* پێیوایە تێکدانی ژینگە کۆمەڵێ کاریگەریی ئیکۆلۆژیی هەیە، بە مانایەکی تر، کاریگەرییەکانی هەموو چین و توێژ و کەسەکانی کۆمەڵگە لە سەرتاپای جیهان دەگرێتەوە و بەدرێژایی کات مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بە گووتەی بێك کاریگەرییەکانی پیسبوون و تێکدانی ژینگە کەسانی دەوڵەمەند لە جیهانیش دەگرێتەوە کە هەر ئەوان بۆ خۆیان بونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، زیانەکانی بەر ئەوانیش دەکەوێت بەڵام ڕەنگە کاریگەرییەکانی سەر ئەوان بەو ڕادەیە نەبێت کە کۆمەڵگە و خەڵکی هەژار ڕووبەرووی دەبێتەوە(بك، 2012: 10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. پەیوەندییەکانی ژینگە و کۆمەڵگە

### 3.1 کاریگەریی قۆناغی بەکۆمەڵایەتیبوون

چەند کۆمەڵناسێك پێیانوایە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر تاکەوە هەیە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا ڕێز لە ژینگە بگرێت، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێك کەناڵەوە ئەو کارە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبوون لە خێزان و لە قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییەکان گەورەترین کاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێت بۆ ئەوەی لە پاراستنی ژینگەکەیاندا ڕۆڵێکی باڵا و ئەرێنییان هەبێت، بۆ نموونە بروس کوئن پێیوایە دامەزراوەی خێزان یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین ئەو دامەزراوانەیە کە ڕایەڵی پێویست بۆ هێنانەکایەوە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە فەراهەم دەکات. شێوەی مامەڵەکردنی دایك و باوك لەگەڵ ژینگە و ئەو ڕێبازانەی کە بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان دەیگرنە بەر، یەکێکە لە کاریگەرترین فاکتەر بۆ منداڵ بۆ ئەوەی ڕێز لە ژینگە بگرێت، چونکە بەکۆمەڵایەتییبوون ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە، شێوەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان فێر دەبن و ئامادەیی پێویست بۆ ئەندامبوونیان لە کۆمەڵگە بەدەستدەهێنن(کوئن، 2013: 69). بەمانایەکی تر، وەك دەزانین کەناڵەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لە هەموو کۆمەڵگە هەمەچەشنن، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە فرەیە، بۆیە پێمانوایە ئەگەر لە سەرەتاکانی قۆناغی بەکۆمەڵایەتیبوون پرسی هوشیاری ژینگەیی و ڕێزگرتن لە ژینگە بایەخی پێ بدرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لە قۆناغەکانی تری ژیانیش ئەو کاریگەرییە هەردەمێنێتەوە و بایەخی زیاتر بە ژینگە دەدرێت لە هەمووو ئاست و پێگەکاندا.

### 3.2 پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگە

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی پێناسەی یەکجار زۆر و جیاواز بۆ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، بۆیە دەکرێ بڵێین پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بە مۆدێلی ڕەفتارێك دەگوترێت کە پەیوەندییەکانی پەرچەکردارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخات. زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیانی پێوە پابەند دەکەن، بەڵام هەر کاتێ هەر کەسێك ڕەچاوی ئەو نۆرمانە نەکات، کۆمەڵگە سزای ئەو کەسانە دەدات، بە مانایەکی تر، نۆرمەکان ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات(کوئن، 2014: 74). بۆیە دەکرێ بڵێین نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوانەی کە لە ڕێگەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامی دەدەن، چونکە بەهاکان هێدی هێدی خۆیان وەك نۆرمی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێننەوە.

لە پەیوەندی نێوان ژینگە و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیش کۆمەڵناسەکان پێیانوایە لەبەرئەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان هەر شار و ناوچەیەك جیاوازە لەگەڵ ناوچە و شارەکانی تر، بۆیە پرسی رێزگرتن لە ژینگەش لە ناوچە و شارێکەوە بۆشارێکی تر جیاوازە، چونکە بەها و نۆرمەکانی ئەو ناوچانە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکەکانی خۆیان بەو جۆرە دیاری دەکەن کە خۆیان پێیان ڕاستە. بۆیە دەبینین پرسی تەماشاکردنێکی ئاکارییانە بۆ ژینگە لە ڕووی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە جیاواز و هەمەچەشنە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگە(رشوان، 2006: 122-123). لە کوردستانیش پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە لە ناوچە و شارێکەوە بۆ ناوچە و شارێکی تر جیاوازە، چونکە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو ناوچانە جیاواز و هەمەچەشنن، لە هەندێ ناوچەی کوردستان لە ڕووی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ڕاوکردنی ئاژەڵ و داربڕین بە هەموو جۆرێك قەدەغەیە، بەڵام لە ناوچەکانی تر، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان نەیتوانیوە ئەو ڕەفتارە بچەسپێنێت.

## 3.3 ئایین و ژینگە

لە کۆمەڵناسییدا ئایین وەك میکانزمێکی کۆمنترۆڵی کۆمەڵایەتیی تەماشای دەکەین، بۆیە ئایینە ئاسمانی و سەرزەمینییەکان هەر هەموویان لەوەدا کۆکن کە دەبێ رێز لە ژینگە بگیردرێت و پیس نەکرێت.

بابەتێکی هاوبەش لە نێو تەواوی ئایینە ئاسمانی و سەرزەمینەکانی وەك ئیسلام، مەسیحی و یەهود و هیندۆدا هەیە، ئەویش خەسڵەتی هاوبەشیبوونی ئەم ئایینانە لە برەودان بە کولتووری کشتوکاڵکردن، ئەمە بەو مانایەی کە سەرچاوە مێژووییەکانی ئەم ئایینانە دەکرێ لە قۆناغی ڕاو و شکار لە کۆمەڵگە و ئەو ئیمپراتۆریەتانەی کە شارستانیەتیی کشتوکاڵی تێیدا دەستباڵا بوو، ببینرێت. زۆربەی ئەو شارستانیەتانەی کە ئەم ئایینانە تێیدا شکۆفە و گەشەیان کردووە، شار و شوێنە گرنگەکانی ئامادەیی دەسەڵاتیی سیاسیی و ئابووریی و ئایینی و سەربازیی بوو(بری، 2015: 186). لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی باشتر لە پەیوەندیی ئایینەکان و ژینگە تێبگەین دەبێ پەنا بۆ میتۆدۆلۆژیای کۆمەڵناسیی ئایین بەرین و لەوێوە لەو پەیوەندییە تێبگەین کە لە نێوان ژینگە و ئایینەکاندا هەیە. بۆیە دەکرێ بڵێین

تایبەتمەندیی و پێگەی ژینگە لە نێو ئایینەکاندا بە وردی دیاریکراوە، بۆ نموونە دیدی ئیسلام لەبارەی پەیوەندیی مرۆڤ و ژینگە پشتئەستووورە لەسەر ئەم هاوکێشەیەی کە ئەم پەیوەندییە، زۆردارەکیی نییە؛ بەڵکو پەیوەندییەکی ڕامکراوە. زۆردارەکی بە مانای ئەوەیە کە فشارەکە لە دەرەوەڕایە. خوداوەند پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگە بە ڕامکراو دەزانێت، هەڵبەت ڕامکەر تەنیا تایبەتمەندیی خوداوەند خۆیەتی کە جیهانی سروشتی بۆ مرۆڤ دروستکردووە. هەڵبەت ئەم ڕامکردنە بۆ ئەو کەسەیە کە پشت بە ڕێسا ئیلاهییەکان دەبەستێت (سیوەیلی، 2020: 70).

کەواتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئایین لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم، یان بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە هێشتا لە ژێر کاریگەریی و هەژموونی ئاییندان، ئایین دەتوانێ یەکێك بێت لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکی پێ ڕێك بخرێت، بەتایبەت لە پەیوەست بە پرسە ژینگەییەکان.

### 3.4 پیسبوونی ژینگە

پەرەسەندنی مرۆیی بەهۆی ئەو گەشەسەندنەی بە خۆیەوە بینیوە، چەندان ئاستەنگ و کێشەی بۆ دەزگا کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەم پەرەسەندن و مەترسییانەش سەرتاپای کۆمەڵگە مرۆییەکانی گرۆتەوە. بۆنموونە، ناوچەی شاریی گەورە و دانیشتوانی زۆر، تۆڕی گواستنەوە و گەیاندنی دووروودرێژ، بەپیشەسازیکردنی مادە خاوەکان و بەرهەمهێنانی مادەی خۆراکی و بەرخۆری و بەکارهێنانی لەرادەبەدەری کاڵاکان بۆتە هۆی هێنانەکایەوەی پەیوەندییەکی تازە لە نێوان کۆمەڵگە و ژینگەی سروشتی. بۆیە پێویستە لەبارەی پرسی مەترسی و ناجێگیریی ژیانی ڕۆژانەمان بدوێین و بیر بکەینەوە.
لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵناسەکان بەو بڕوا و بۆچوونە گەیشتن کە مرۆڤەکان خەریکە دێنە نێو قۆناغێکی تازەوە کە ئەدگار و تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی بریتییە لە کۆمەڵگەی ڕیسك یان مەترسی (کە ئۆلریش بێك بە وردی باسی لێ دەکات، لەم لێکۆڵینەوەیەش لە پێشتر باسمان لێی کرد)، لە کۆمەڵگە پڕمەترسی یان ڕیسك، مرۆڤەکان دەبێ توانا و وزەکانی خۆیان بخەنە خزمەت مەترسی و ئەگەری مەترسییەکانەوە کە بەسادەیی ئەویش بریتییە لە درێژەدان بە شێوەی ژیان لە دنیای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیشەسازی و خۆشگوزەرانی ماددی و شێوازەکانی ژیان. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ بپرسین ئاخۆ خراپییەکانی ژینگە بەسەر چاکییە مادییەکان کە هەمووومان پابەندین پێیەوە، چیین؟(ساتن، 2016: 130)

## 3.5 جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە

لە ڕاستیدا لە دنیای مۆدێرن کەم کۆمەڵگە هەیە تووشی پیسبوونی ژینگەیی نەبووبێتەوە، بەڵام قەبارە و کاریگەریی پیسبوونی ژینگەیی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەویش وەستاوەتە سەر قەبارەی کارگە پیشەسازیی و ئاستیی هوشیاریی تاکەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا. لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاستیی هوشیاری ژینگەیی لە ئاستێکی لاوازدایە، ئەوا پانتایی پیسبوونی ژینگەیی بەرادەیەکی زۆرتر دەبینرێت لە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکەکانی ئاستیی هوشیارییان بەرزە لە بەرامبەر پاکڕاگرتنی ژینگە. هەر بۆیە جۆر و شێوازەکانی پیسبوونی ژینگە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو جۆرەی بۆ نموونە لە کوردستاندا باوە ڕەنگە هەمان جۆری پیسبوونی ژینگە لە کۆمەڵگەیەکی تر باو نەبێت لە بنەڕەتدا ڕەنگە هەر بوونی نەبێت، وەك ئەوپیسبوونەی نەوت و پاڵاوگە نەوتییەکان دروستی دەکەن، لەو کۆمەڵگەیانەدا بوونی نییە کە پاڵاوگەی نەوت و چاڵی دەرهێنانی نەوتی نییە. هەوڵ دەدەین بە وردی بەشێك لەو جۆرانەی پیسبوونی ژینگە بدوێین و شی بکەینەوە کە خۆی لە سێ جۆری پیسبوونی ژینگەی دەبینێتەوە ئەوانیش پیسبوونی هەوا؛ پیسبوونی ئاو و پیسبوونی زەوی، بەڵام هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی ئەم سێ جۆرە پیسبوونە لە چەشنی بەرزکردنەوەی دەنگی موسیقا بە پیسبوونی ژینگەیی لە قەڵەم دەدرێن:

### 3.5.1 پیسبوونی هەوا

هەموو جۆرەی پیسبوون دەکرێ لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل و ئامرازەکانی تری گواستنەوە و کارگە و گازەکان یان لە ڕێگەی دوکەڵی پاڵاوگە نەوتییەکانەوە دروست ببێت. هەروەها زۆربەی ئەو پیسبوونانەی دەبنە مەترسی بۆسەر تەندروستی مرۆڤ، شایەنی بینین نین؛ ئەمە لەبارەی ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆکاری پیسبوونەکەش هەر ڕاستە. لەم ساڵانەی دوایی چۆنایەتیی هەوا بۆتە بابەتێکی جێی بایەخ لە جیهاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو دوکەڵانەی کە شارە پیشەسازییەکانی تەنی بوو، بووە هۆی زۆربوونی ڕێژەی مردن و نەخۆش خستنی دەیان و بگرە هەزاران کەس. بۆیە ئەم پرۆسەی پیسبوونی هەوایە درێژەی کێشا تاکو ڕێکخراوە و سەنتەر و زانکۆکان توێژینەوەیان لەبارەی سەرچاوەکانی ئەو پیسبوونە ئەنجامدا، حکومەت لە ڕێگەی ڕاسپاردەکانی ئەو توێژینەوانە بەشێك لەو پرۆسەی پیسبوونی هەوایە کەم بکاتەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە هێشتا لە وڵاتە دواکەتەووەکان بەردەوامی هەیە و حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو پیسبوونە بکات(کهیل، 2017: 76). دەکرێ بڵێین لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا پیسبوونی هەوا بەربڵاوترین جۆری پیسبوونە لە سەرتاسەری جیهاندا و کوردستانیش یەکێکە لەو سەرزەمینانەی کە بێ بەش نەبووە لە پیسبوونب هەواکەی.

### 3.5.2 پیسبوونی ئاو

پیسبوونی ئاو و سەرچاوەکانی ئاویش هاوشان بە جۆرەکانی تری پیسبوون یەکێکە لە پڕ مەترسی ترین جۆری پیسبوون، هەر چەندە زۆربەی جیهان بەدەست پیسبوونی ئاو و کەمبوونی سەرچاوەکانی ئاوی خاوێن دەناڵێنن، بەڵام ماوەی جارێك کۆنفرانس و کۆنگرەی تایبەت سەبارەت بە ئاو سەرچاوەکانی ئاو دەبەسترێن.

لە شارە گەورەکانی وەك مەکسیکۆی ئەمریکاوە بیگرە تا دەگاتە قاهیرە و شەنگەهای، کۆمەڵە خەڵکانێك هەن هیچ هەڵبژاردنێکیان نییە بۆ خواردنەوەی ئاوی خاوێن. نەبوونی ئاوی هاوێن هۆکاری سەرەکییە بۆ بڵاوبونەوە و تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشییەکانی وەك کولێرا. هەر چەندە ئاست و کواڵیتی ئاوی خواردنەوە توانراوە لە چەندان وڵات ڕێکبخرێت، بەڵام هێشتا ئەم پرۆسەیە سەرتاپای جیهانی نەگرتۆتەوە و هێشتاکەش وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەست نەبوونی ئاوی خواردنەوەی پاك دەناڵێنن، هەر چەندە وەڵاتانی وەك ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا تارادەیەك توانیوینە ستاندار و کواڵیتی ئاوی خواردنەوە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن(Macionis, 2017: 610).

لە کوردستاندا پیسبوونی ئاو کەم تا زۆر دەبینرێت، چونکە مەبەست لە پیسبوونی ئاو تەنیا پیسبوونی نییە بە مادەی تر، بەڵکو بەفیرۆدانی ئاویش بۆ خۆی جۆرێکە لە پیسبوونی ئاو، نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت بەهۆی بێ پلانییەوە لە کوردستان زۆر زیان بە ئاوی ژێرزەوی گەیەنراوە، ئەوا سەرباری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیسبوونی ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان ئەویش بەهۆی تێکەڵاوبوونی ئاویماڵان لەگەڵ ئەو ڕووبار ودەریاچانە.

### 3.5.3 پیسبوونی زەوی (Soil pollution)

پیسبوونی زەوی یان خاکیش یەکێکە لە هەرە بەربڵاوترین جۆری پیسبوون لە سەرتاسەری جیهاندا، لە ڕاستیدا پیسبوونی خاك لە هەردوو سەرچاوەی سروشتی و مرۆییەوە ڕووبەڕووی پیسبوونی دەبێتەوە، بەڵام ئەم ڕۆژگارە دەکرێ بڵێین کاریگەری پیسبوونە مرۆییەکە یەکجار زیاترە و داهاتووی خودی مرۆڤیشی خستۆتە مەترسییەوە.
بۆیە دەکرێ بڵێین پیسبوونب زەوی یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی ژینگەی مرۆیی و ڕووەکی. ئەم پیسبوونە بەهۆی لە ناوچوونی گیا و ڕووەکان و کەمبوونەوەی گەشەسەندنی گیاکان و دواجار بەبیابانبوونی خاك کۆتایی پێ دێت. هەر چەشنە گۆڕانێك لە تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی خاك، بەو چەشنەی کە سوودوەرگرتن لە خاك سنوردار دەکات.

## 4.1 ژینگە و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لە دنیای مۆدێرن و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان ژینگە بۆتە پرسێکی گرنگی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی وڵأتەکان، بۆیە هەر وڵاتە لە بەرژەوەندی خۆی ئەو پرسە دەجولێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چوار ئاراستە و ڕەوتی ئاسایشیی بوونی هەیە کە لە ژینگەی دەڕوانن و پەیوەندییەکانی خۆیانی لەسەر هەڵدەچنن، ئەو ئاراستانەش بریتیین لە:

- کەمبوونەوەی ژینگەیی دەکرێ وەك فاکتەرێك لە هێنانەکایەوەی ناجێگیریی و ململانێی ڕۆڵێکی باڵای هەبێت.
- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی خۆیان بۆ جەنگ، ئەویش هۆکاریی سەرەکییە لە تێك و پێکدانی ژینگە لە هەموو ئاست و ڕووەکانەوە.
- کارەساتی سروشتیی و زیانگەیاندن بە تەندروستیی مرۆڤ و خراپبوونی ئاستی خۆشگوزەرانی مرۆڤ؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دابەزینی ڕەوش و پێگەی سروشت بەجۆرێك ڕۆڵی باڵای هەیە لە دەستباڵایی سیاسیی بەتایبەت لە ڕووی ئاسایشەوە، چونکە لە گووتاری نەریتیی و کولتووریی هەندێ ناوچە و شوێن سروشت و ژینگە پیرۆزیی خۆی هەیە(سیوەیلی، 2020: 45). بۆیە دەکرێ بڵێین، ژینگە و سروشت و پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، چونکە هەرکاتێ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەبا و هەماهەنگ بن، ئەوا پرسە ژینگەییەکانیش وەك یەکێك لە پرسەکان، دەخرێتە بەرباس و ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت.

### 4.2 ئاکاری ژینگەپارێزیی لە نێو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا

مرۆڤی مۆدێرن، کە لە سێبەری زانستدا بیریکردۆتەوە، هەمیشە لە پێگەیەکی نایەکسانخوازەوە لە بوونی خۆی و ئەوانیتری ڕوانیوە. پێگەی خۆی لە پێگەی خاوەن توانا و دەسەڵات، بەزەیی و بەخشین، میهرەبان و ئاگادار، هووشیار و خەمخۆر بینوەو لەوێوە هەڵوێستی خۆی لە ئاست سرووشت و بوونەوەرانی دیکەدا وەرگرتووە. ئەم ڕوانگەیەشی لەوێوە بۆ هاتووە کە هەمیشە خۆی وەك ڕەگەزێکی تایبەت، ناوازە و دەگمەن وێناکردووە، کە لەسەرووی کۆی سرووشت و بوونەوەرانی دیکەوە بێت. ئەمەش پێماندەڵێت، پێش ئەوەی مرۆڤ هیچ جوڵەیەك بکا، هیچ هەڵوێستێك وەربگرێت و هیچ کردەیەك جێبەجێبکات، پێشتر لەو بیرکردنەوە خۆبەسەنتەرکەرانەیەدا هەڵوێست و کردە و جوڵەی خۆی بەو ئاراستەیە بردووە، کە جەختکردنەوەیە لەسەر سەردەستەیی ڕەگەزیانەی خۆی لەسرووشتدا و بەسەر بوونەوەرانی دیکەوە. مرۆڤ لەم بیرکردنەوەیەدا ئاژەڵ و سرووشت (خاك، ئاو، هەوا، درەخت و ڕووەك، خشۆك و ئاوی، سەرمایەی ژێرزەوی و سەرزەوی و هتد.)، وەك شتگەلێك وێناکردووە کە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بەبێ گەڕانەوە بۆ ویستی سرووشت و ئاژەڵان، یان بڕوابوون بە وەها ویستێك، ئەوەش بە مەبەستی خواردنیان، یان وەك کەرەستەی خاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکەی.

یەکەمین تیۆریسێنی ئەم بوارە ئەریستۆتالیسە (322/384پ.ز.). ئەریستۆتالیس، زەوی بە شێوەیەکی (خڕ) پێناسە دەکرد و دەیگوت لە چەقی جیهاندایە و ئەمەش پێچەوانەی بیروڕای ئایینی و ئەفسانەیی باو بوو، لەگەڵ کەم و کوڕییەکانی ئەم تیۆرەیە و پشتگیریکردنی لەلایەن کەنیسەوە، توانی تاکو سەرهەڵدانی سەردەمی بووژانەوە (ڕێنیسانس) و ڕەوتی مرۆڤباوەڕی (هیومانیزم)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەوام بێت، کە ئیدی زانست و گەردووناسی (کۆسمۆلۆژیا)یەکی نوێ لە ئاستانەی سەرهەڵداندا بوو. بەلای ئەریستۆتالیسەوە، ژیانی ڕاستەقینە ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی کردەیی ئەزموونی دەکەین. بەم مانایەش بێت، ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەناو ژینگەیەکی تایبەتدا دەژین، نەك ئەوەی ئەم ژینگەیە سێبەری دنیایەکی دیکە بێت، ڕاستەقینەتر لەوەی کە ئێمەی تێداین. ئەریستۆ لەو بڕوایەدا بوو کە سرووشت مەبەستێکی تایبەتی لە خۆیدا هەیە و "وەك خاوەنماڵێکی باش ئەوەی جێی سوودوەرگرتنە تووڕی ناداتە دەرێ" و "سرووشت هەرگیز بێ هودە و بێ سوودانە ڕەفتار ناکات و بەو جۆرە ڕەفتار دەکات وەکئەوەی داهاتووی لەبەرچاوە(سیوەیلی، 2020: 32).

ئاکاری ژینگەپارێزی، دروستبووی ئەو مێژووە دڕدۆنگ و خۆسەروەرانەیەی مرۆڤە لە ئاست سرووشت و ژینگەدا، بەم مانایەش ئاکارێکی کردەیی و بەخۆداچووەوەی مرۆڤە لەوەی تا ئێستا کردوویەتی و دەیەوێت لە ئێستادا سنوورێك بۆ هەڵسوکەوتی خۆی لە ئاست بوونەوەرانی دیکە و سرووشت و ژینگەی ژیانەکیدا، دابنێت. ئاکارێکی ئەوتۆ، لەلایەکەوە مرۆڤ تێکەڵ و پەیوەست دەکاتەوە بە ژینگە و سرووشت و لە لایەکیتریشەوە، سرووشت و ئەوەی کە لە ژینگەدا هەیە وەك بوونێکی سەربەخۆ وێنا دەکات و وەك بوونێکی ئاوتۆنۆم، لێیدەڕوانێت. ئەمەش گۆڕانێکی چۆنایەتیانەی مرۆڤە لە دەستکاریکردنی پەیوەندیی خۆی بە سرووشت و ژینگە و زیندەوەرانی دیکەوە، کە بنەمایەکی فەلسەفیانەی هەیە.  پێشینەی ئەم بیرۆکەیە، چ لە نێو ئایینە بێخوداکانی وەك جەینباوەڕی لە هیندستانی کۆن و چ لە ئایینی بودایی(ناس، 2007: 170-172).

قۆناغێکی دیکەی پەیوەندیی مرۆڤ لێرەوە دەستپێپێکرد، کە تیایدا زانستی ئەزموونگەرا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕینی ڕوانگەی مرۆیی بۆ سرووشت و ژینگە. قۆناغێك کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ئامانجێکی سەرەکی بوو.

## 4.3ئامرازە زانستییەکانی چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان

لە ڕاستیدا زۆر کەس بەشێوەی جیاواز باسی شێوە و ئامرازی جیاوازیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پرسە ژینگەییەکان، بەڵام **ئێل ئی سوسکەینت** یەکێکە لەو کۆمەڵناسەی کە بەوردی لەرێگەی پێنج قۆناغەوە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکانی داوە، ئەو پێنج قۆناغانەش ئەمانەن: 1) چاودێرانی سەرمەشق؛ 2) تیۆرداڕێژەران؛ 3) تاقیکەرەوەکانی تیۆر؛ 4) پەیوەستبوونی زانستی و 5)

شیکردنەوەی سیاسەتی بەکارهێنان یان جێبەجێکردن، کە هەر یەك لەم قۆناغانە کاریگەرییان لەسەر یەك  هەیە، بەڵام هەر کامەیان ئەرك و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە لە خوارەوە بە وردی باسییان دەکەین:

- **چاودێرانی سەرمەشق** (Trend spotter): ئەو بیرمەندانەن کە بۆ یەکەمین جار گۆڕانەکانی مۆدێلی ئیکۆلۆژیایان تاوتوێکرد تاکو بایەخەکە بە ڕاستی تێبگەن. هەندێ کات، دەکرێ ئەو چاودێرە سەرمەشقانە تەنیا یەك بیرمەند بێت کە پەی بە مۆدێلێکی گرنگ لە ئیکۆلۆژیا بردبێت و لە پانتاییەکی ژینگەیی بەرفراوانتر لێی دوابێت. وێڕای ئەوەش، زۆرجار چاودێرانی سەرمەشق بەشێکن لە گرووپێکی زانستیی کە سەرقاڵی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانن بەدرێژایی جوگرافییایەکی دیاریکراو، وەك ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە کۆدەکرێتەوە.
- **تیۆرداڕێژەران** (Theory builders): هەوڵ ئەدەن هۆکارەکانی ئەو گۆڕانەی کە چاودێرانی ڕەوتەکە یان سەرمەشق دەیدۆزنەوە، ڕوون بکەنەوە. ئەوان بەشدارییەکی سەرەکیی دەکەن لە دروستکردنی مۆدێلدا، هەم لەم ڕوەی کە ڕوونکردنەوەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو تەبا بێت و، هەم پێشبینی کاریگەرییەکانی داهاتووش بکەن(Susskind, 1994: 76).
- **تاقیکەرەوەکانی تیۆر** (Theory testers): ئەو بیرمەندانەن کە مۆدێلەکانی  تیۆرداڕێژەران بەشێوەی ڕەخنەیی تاوتوێ دەکەن. ئەوان بە سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوە کۆنترۆڵکراوەکان هەوڵ ئەدەن دڵنیابن لە گریمانە و ئەو پرس و مەسەلانەی کە لە ڕێگەی مۆدێلێکەوە بەشێوەی ئەزموونی بسەلمێنرێت.
- **پەیوەستبوونی زانستی** (science communicators): هەوڵ ئەدەن زانیارییە ئاڵۆز و هونەرییەکان  بگۆڕنە سەر چەند دەستەواژەیەك کە بۆ هەموو خەڵك شایەنی تێگەیشتن بێت. ئەو کەسانە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پرۆسەی دەکەوتن و ناساندن دەگێڕن. هەندێك لەو کەسە پەیوەستبووانە بەهۆی هەستی بەرپرسیارێتی ئاکارییەوە ئەو کارە دەکەن و هەندێکی تریان، بڕیاریان داوە کۆی تەمەنییان خۆیان لەم پێناوە دابنێن تاکو کێشە ژینگەییەکان چارەسەرییان بۆ بدۆزرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- **شیکردنەوەی سیاسەتی بەکارهێنان یان جێبەجێکردن (applied policy analysts)**: ئەم کەسانە وەك ڕاوێژکارانی سیاسیی کاردەکەن کە دۆزینەوە زانستییەکان دەکەنە سیاسەت و پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی بۆ دادەنێن. ئەو کەسانە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە چارەسەرکردنی بنجبڕانەی کیشە ژینگەییەکان، چونکە ئەو زانیارییانەی ئەوان وەریدەگرن بەشێوەیەکی زانستیی پشتڕاستکراوەتەوە و تەنیا لەسەر ئەوان پێویستە پلان و سیاسەتی بۆ دابنێن (Susskind, 1994: 77).

## 5. دەر ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی گرفتە بەرفراوانەکانی ژینگە، کاری ڕێکخستنی ژینگەی گران و زەحمەتکردووە، بۆیە لەم نێوانەدا پێویستە لە یەکەمین هەنگاودا گۆڕانێك لە دید و بۆچوومان سەبارەت بە ژینگە بهێنینە کایەوە و، بەرپرسیارێتی پاکڕاگرتنی ژینگەکەمان لە ئەستۆ بگرین، نەك هەر بۆ خۆمان بەڵکو بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووش بتوانن لەو ڕووەوە سوود لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتییان وەربگرن. لە هەنگاوی دواتردا ئەوەی گرنگە بکرێت، بریتییە لە بڕوابوون بە بەهایەکی ئاکاری لە پاراستنی ژینگە، بەتایبەت پاکڕاگرتنی ژینگە ببێتە بەهایەکی گەردوونی، هەر چەندە هەموو ئایینەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان بایەخیان بە ژینگە داوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو بەها و ئاکارە لە ژیانی ڕۆژانەشدا ڕەنگ بداتەوە. جگە لەوە، نابێت ئەوەمان لە بیربچێت، کۆمەڵگە مرۆییەکان بەدرێژایی مێژوو ڕووبەرووی ئەگەرەکانی پیسبوونی ژینگە بونەتەوە، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازبووە، چونکە وەستاوەتە سەر ئاستی هوشیاری و پەیوەندی مرۆڤ بەو میکانیزم و ئامرازەی کە مرۆڤ پێویستیی بووە. ئەوەشمان لا ڕوونبۆوە کە کۆمەڵناسیی ژینگە بوارێکی تازەیە کەچوارچێوە تیۆرییەکەی لە دەیەی حەفتا دروستبووە، سەرباری ئەو پێداگرییەی کۆمەڵناسە کلاسیکەکان لە بارەی ئیکۆلۆژیا و سروشت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:


1. Barry, john, (1999), environment and social theory, Routledge press, second edition, London.
2. Macionis, John j., (2017), sociology, Pearson press, sixteenth edition, England.
3. Susskind, L.E, (1994), Environmental diplomacy: negotiating more effective global agreements, oxford university press, New York, 1994.
4. Thompson, Kenneth ,(2002), Emile Durkheim, Psychology Press, London, 2002.
5. اینگلهارت، رونالد (2008)، تحول فرهنگی در جامعه پیشرفته صنعتی، ترجمه مریم وتر، تهران نشر کوثر.
6. برسون، جان(2002)، اخلاق محیط زیست، ترجمه عبدالحسین وهاب زاده، انتشارات جهاد دانشگاهی مشهد ، 2002.
7. بری، جان(2015)، محیط زیست و نظریه‌های اجتماعی، ترجمه حسن پوریان و نیره توکلی، انتشارات سازمان حفاظت محیط زیست.
8. بك،اولریش(2012)، جامعه در مخاطره جهانی، ترجمه محمدرضا مهدی زاده، تهران، انتشارات کوثر.
9. جوادی آملی، عبدالله (2008) اسلام و محیط زیست، انتشارات اسراء، قم.
10. دبیری، مینو(2013)، آلودگی محیط زیست، نشر اتحاد، تهران، 2013.
11. رشوان، حسين عبدالحميد أحمد (2206)، البيئةو المجتمع، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية..
12. ساتن، فلیپ دبلیو. (2016)، درامدی بر جامعه‌شناسی محیط زیست، ترجمه، دکتر صادق صالحی، انتشارات سمت، تهران.
13. **سیوەیلی، ڕێبوار(2020)** ، فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی، ڕێکخراوی زەریاب و ئاژانسی پایا، هەولێر، 2020.
14. فاستر، جان بلامی (2004)، اکولوژی مارکس. ماتریالیزم و طبیعت. مترجم: اکبر معصوم بیگی، تهران: نشر دیگر.
15. کهیل، مایکل (2017)، محیط زیست و سیاست اجتماعی، ترجمه، د. حسین حاتمی نژاد و د. سهراب امیریان، انتشارات دانشگا تهران، چاپ سوم.
16. کوئن، بروس(2013)، درامدی بر جامعه‌شناسی، ترجمه، محسن ثلاثی، نشر توتیا، تهران، چاپ بیستم.
17. کوئن، بروس(2014)، مبانی جامعه‌شناسی، ترجمه غلامعباس توسلی و رضا فاضل، چاپ بیست و پنج، تهران، انشتارات سمت.
18. گدنز، انتونی(2008)، امیل دورکیم، ترجمه، یوسف ابازری، انتشارات خوارزمی، تهران.

19. ليدمن، سون اريك (2008)، در سايەی اينده. تاريخ انديشەی مدرنيته. ت: سعيد مقدم. تهران: نشر اختران، 2008.
20. ناس، جان باير(2007)، تاريخ جامع اديان. ت. على أصغر حكمت. تهران: شركت انتشارات علمى و فرهەنگى، چ: 7.
21. هانيگن، جان (2015)، جامعەشناسى محيط زيست، ترجمه دكتر صادق صالحى، انتشارات سمت،تهران.

# A Scientific Way to Solve Environmental Issues is a Theory Research

**Karzan Qader Hamad**
Department of Tourism administration, College of Administration and Economics, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Karzan.ahmed@lfu.edu.krd

**Dana Lateef Jalal**
Department of Sociology, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Dana.jalal@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Environmental society, community literature, environment, environmental issues, society*

## Abstract

Environmental sociology, one of the most important new and important branches of social literature, entered universities in the 1970s and was presented as an academic branch of framework, style and modus operandi. At the University of Kurdistan, it has been included in the academic and value education programme over the past few years. This scientific branch participates in the relationship between society and the environment, with the exception of discussing the Internet and discussing the most important types of environmental pollution. In addition to discussing issues related

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

to the environment and society, environmentalism also offers a scientific way to find and find solutions to environmental problems and issues.

Our question in this research is whether environmental sociology in Kurdistan can be an important tool for solving environmental problems? Is it forbidden in Kurdistan to find a solution to the causes of environmental pollution in Kurdistan? To answer these questions, try to show the context of introducing theoretical aspects of environmental and social relationships to return to the method of content analysis and side analysis.

---

# طريقة علمية لحل القضايا البيئية. البحث النظري

**ملخص:**

علم الاجتماع البيئي، أحد أهم فروع الأدب الاجتماعي الجديدة والهامة، دخلت الجامعات في السبعينيات وقدمت كفرع أكاديمي للإطار والأسلوب وطريقة العمل. وفي جامعة كردستان، تم إدراجه في البرنامج التعليمي الأكاديمي والقيمي على مدى السنوات القليلة الماضية. هذا الفرع العلمي يشارك في العلاقة بين المجتمع والبيئة، باستثناء مناقشة الإنترنت ومناقشة أهم أنواع التلوث البيئي. بالإضافة إلى مناقشة القضايا المتعلقة بالبيئة والمجتمع، فإن النزعة البيئية تقدم أيضا طريقة علمية لإيجاد المشاكل والقضايا البيئية وإيجاد الحلول اللازمة لها.

سؤالنا في هذا البحث هو ما إذا كان علم الاجتماع البيئي في كردستان يمكن أن يكون أداة هامة لحل المشاكل البيئية؟ هل يمنع في كردستان إيجاد حل لأسباب التلوث البيئي في كردستان؟ للإجابة على هذه الأسئلة، تم محاولة إظهار سياق إدخال الجوانب النظرية للعلاقات البيئية والاجتماعية للعودة إلى طريقة تحليل المحتوى وتحليل الجانب.